هاووڵاتیيانی 53 وڵاتی جيهان دەتوانن بەبێ ڤيزەی پێشوەختە بێنە هەرێمی کوردستان



فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، بڕیاری رێنماییکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتیيانی 53 وڵاتی جيهان، دەتوانن بەبێ ڤيزەی پێشوەختە بێنە هەرێمی کوردستان.

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، لەو رێنماییدا، هاووڵاتیيانی ئەو وڵاتانە تەنیا لەسەر سنوور، پاسپۆرت پێشکەش دەکەن و ڤيزای ئەلیکترۆنی وەردەگرن و دێنە ناو هەرێمی کوردستان و مۆرکی دیکەی وەرگرتنی ڤيزاکە ئەوەیە، پاسپۆرتی پێشکەشکار، لانیکەم شەش مانگی مابێت بەسەربچێت.

فەرمانگەکە ناوی وڵاتەکانی باوکردووەتەوە کە بریتین لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، چین، روسیا، ئوسترالیا، نیوزلەندا، ژاپۆن، کەریای باشوور، کەنەدا، ئیمارات، کوەت، قەتەر، تورکیا، ئێران، لاتیڤیا، لیتوانیا، لەکسەمبەرگ، ماڵتا، هەندا، نەرویج، پەندا، پورتوگال، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید، سویسرا، نەمسا، بەلجیکا، بەرازیل، بولگاریا، کرواتیا، قوبرس، یۆنان، چیک، دانیمارک، ئیستۆنیا، فنلەندا، فەرەنسا، ئەمانیا، هەنگاریا، ئەلبانیا، ئەرلەندا، ئایسلەندا، ئیتاڵیا، لوبنان، فاتیکان، لیخنشتاین، سعودیە، عومان، بەحرەین و ئوردن).